# چاوی (خێڵ و خیچی) سێیەمی تەلەڤزیۆنی یەکێتی و مانۆڕی ستالینیی

بەختیار کەریم

یەکێک لە کەمتەرخەمییەکان، یان باشترە بڵێین بەدبەختییەکانی نووسینی کوردی، ئەوەیە کە ئازایەتییەک نییە نووسەر بخاتە بەردەم ڕووبەڕووبوونەوەیەکی هەمیشەیی لەگەڵ دەسەڵات و بەڕێوەبەرانی ئەو دەسەڵاتەدا. لەهەر جێگایەکیش نووسەری لەو جۆرە نەبوو، یان زۆر کەم بوون، تاوان ناکەین ئەگەر هەست بەبوونی مەترسیەکی زەبەلاح بکەین. ئەگەرچی لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات دەنگی لەو جۆرە دەردەکەون، بەڵام ئەوەی پێویستە بەردەوامییدانە بەو هەناسە ڕەخنەییە، نەک تەنها لە تاکە وتارێکدا تووڕەییەکانمان کورت بکەینەوە. بەدبەختییەکی گەورەیە کە تەنها لە سێ ساڵی ڕابوردوودا کەسایەتییەکی وەک تاڵەبانی بەڕاست و بەچەپ، بە بۆنە و بەبێ بۆنە، شوناسی کوردبوون دەخاتە ژێر نەعلە بەغدادییەکانیەوە و عێراقیبوون دەخاتە سەرووی کوردبوونەوە، بەڵام کەس باکی بەمە نییە. تۆ بڵێی هەموو کورد لەگەڵ تاڵەبانیدا هاوڕابن؟ یان ترسنۆکیەکی گەورە لەگۆڕێدایە کە ڕێگە لە نووسەران دەگرێت قسە لەسەر ئەم بابەتە چارەنووسسازانە بکەن؟ هەر کام لە کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەکانی تاڵەبانی و پیاوەکانی بە نموونە وەربگرین، دەکرێت بابەتی قسەکردنی ساڵێکی تەواوی نووسەران بن. بەڵام گەلۆ نهێنیی ئەو بێدەنگییە چییە؟ ئایا نووسەرانی کورد بابەتی لەوە گرنگتریان هەیە لەسەری بدوێن؟ یان سەرقاڵن بە وەرگێڕانی نووسینەوە لە دەستی سێ و بگرە چوارەوە؟ تۆ بڵێی ئەو گووتانەی تاڵەبانی و کۆی میدیای یەکێتی نیشتیمانی ئەو نووسەرانەی لەو هەڕەشانە بە ئاگانەهێنابێتەوە کە لە هەناوی ئاراستەکەی یەکێتی و تاڵەبانیدا خۆیان مەڵاس داوە؟ یان ئەم نووسەرانە پەیماننامەیەکی ئەهریمەنییان واژۆ کردووە کە هیچ لەسەر سەرکردەکان نەڵێن؟

لەڕاستییدا، ئەو بێدەنگیی و بێباکییە لەسەر کردار و گووتاری سەرکردەکان، وەک ئاودانی دەوەنی گرگنی دیکتاتۆریەت وایە، کە دەسەڵاتی کوردی لەژێر سایەی جیهانبینیی بەعسدا چاندوویەتی. ئەو بێدەنگییە خود بە خود مۆڵەتدانە بەو سەرکردانە کە چییان دەوێت ئەوە بکەن، شەرعیەتدانە بە هەموو ئەو گەندڵییە سیاسیی، ئەخلاقیی و یاساییەی کە تا بینەقاقایان تێیدا نغرۆبووە. هاوکات ئەو بڵمەبڵم، چەڵتەچەڵت و لۆژەلۆژەی لێرە و لەوێ وەک ڕەخنە بەسەرماندا ساغ دەکرێنەوە، وەکی پەیین وان بۆ خێراترکردنی گەشەی دەوەنی دیکتاتۆریەت. ڕەخنەیەک کە نەوێرێت هیچ لەسەر سەرکردەکان و کوڕەکانیان، کچەکانیان و زاواکانیان بڵێت (سەرەتا هەڵەیە ناوی بنێن ڕەخنە، بەڵام بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوەی بۆچوونەکەمان با بۆ هەنووکە ناویان بنێین ڕەخنە) لەو توخمەی ڕەخنەیە کە دەچێتە خزمەتی هەمان ئەو شتانەوە کە ڕەخنەنووس لەسەریان دەدوێت. چونکە ئەگەر بڕیارە دەنگهەڵبڕین و لێپرسینەوەمان لە دەسەڵاتداران کاریگەر بێت و ئەو قورساییە مۆڕاڵییەی سەر شانمان کەمێک سووکتر بکەین، ئەوا دەبێت هەموو لێپرسینەوەیەک لە لووتکەی دەسەڵاتەوە دەستپێبکات، پێویستە هەموو دزییەک لەناو ڕیزەکانی یەکێتی یان پارتییدا بخرێتە ئەستۆی تاڵەبانی یان بارزانی، چونکە ئەو دوو پیاوە بەر لە هەموو کەس بەرپرسیارن لە سنووردانان بۆ ئەو ئەندامانەی حیزبەکانیان کە دزیی و چەتەییان کردۆتە ئارەزوو. بۆ نمایشکردنی ئەو جۆرەی ڕەخنە، پێویستمان بە ڕشتنی ئارەقی و شین و مۆر نییە تا لە لاپەڕەی هەر یەک لە ڕۆژنامانەکاندا بیاندۆزینەوە، بەڵکو

ئەوەی پێویستمانە ئاستێکی کەمە لە وریایی. بەڵام ئەم جۆرەی ڕەخنە کە ئەگەرچی دەچێتە خزمەتی هەمان ئەو دەسەڵاتەوە کە لە دژی نووسراوە، لانیکەم کەسی ڕەخنەنووس ئەو مەبەستەی نەبووە، واتا ڕەخنەنووس بەمەبەست نەیویستوە لەڕێگای ئەو ڕەخنەیەوە خزمەتی دەسەڵات بکات. بەڵکو ئەوەی ئەو جۆرە ڕەخنەیە دەخاتە خزمەت دەسەڵاتەوە، ئەو شەرمە دەستکرد و ئەو ترسە ناپێویستەیە کە نووسەر لەچوارچێوەیاندا دەخولێتەوە. ئەو شەرم و ترسەی نووسەر دەیانکاتە بیانوو بۆ هیچ نەگووتن لەسەر سەرکردەکان و خۆدزینەوە لەو بەرپرسیارێتیەی کە لە ئەستۆیدایە. مەبەستمانە بڵێین کە برتە و بۆڵە بەناوی ڕەخنەوە، ڕەخنەیەکی نیوەناچڵ و ناچیزە کە نەک بەتەنها مەبەست ناپێکێت، بەڵکو پێچەوانەی مەبەست بەدیدەهێنێت. ڕەخنە جگە لەوەی دەبێت تیژ و زبر بێت، هاوکات دەبێت ڕاستەوخۆ ئاراستەی ئەوانە بکرێت کە پێویستە ئاراستەیان بکرێت. تا هەنووکەش ڕەخنەگرانی کورد بەپێی تاکتیکی "بوکێ لەگەڵ تۆمە خەسوو گوێت لێبێت" ڕەخنەکانی خۆیان ئاراستە دەکەن، بۆ بەدبەختی خەسوە دەمەوەرەکانی سیاسەتی کوردی یان لەم تاکتیکە تێناگەن یان خۆیانی لێ دەکەن بە کەرەی شەربەت.

بەڵام ئەوەی ئێمە لەم نووسینەدا مەبەستمانە ئەو جۆرەیە لە بەناو ڕەخنە، کە دەسەڵات ئاراستەی خودی خۆی دەکات و خولیای چاوبەستکردن و هەڵخەڵەتاندنی جەماوەر، یان بەشێک لە جەماوەری هەیە. ئەو جۆرە لە ڕەخنە کە لە کەناڵەکانی تەلەڤزیۆنەوە پەخشدەکرێن، ڕەخنەیەکن کە پێشوەخت ئامادەکراون، مۆنتاجکراون، دەرهێنانیان بۆ کراوە و هەموو ئەو ئەکتەرانەی کە کاری تێدا دەکەن، واتا کە ڕۆڵی ڕەخنەگر دەبینن، پێشتر پرۆڤەی پێویستیان پێکراوە. ئەم جۆرە لە ڕەخنە کە بە نمایشی ستالینیانە ناسراوە، تەنها ئامادەیە تا ئاستێکی دیاریکراو بڕوات، ئەو بەرنامانەش کە ئەم جۆرە لە نمایش بەڕێوەدەبەن دەبێت زوو زوو بگۆڕێن، نەبادا ببنە ئارەزوو لای جەماوەر و ئەوانیش لاسایی بکەنەوە. کەم نین ئەوانەی سوودی باشیان لە نمایشی ستالینیی وەرگرتوە، لەناوچەکەی ئێمەدا کە ئەگەر بە پەنجە ئاماژە بۆ هەر لایەک بکەیت پەنجەت دەچەقێتە چاوی دیکتاتۆرێک، هەموو ئەو دیکتاتۆرانەی ناوچەی ئێمە سوودیان لە نمایشی ستالینیی وەرگرتوە. نەک هەر ئەوەندە بگرە ستالین بۆ زۆربەیان، ئەگەر نەڵێن بۆ هەموویان، نموونەی باڵا بووە/یە. وڵاتەکەی ئێمەش لەو دیکتاتۆریەتە بێبەش نییە، لەجیاتی یەک دوومان هەن، کە هەریەک لەم دیکتاتۆرانە و تەلەڤزیۆنەکانیان خۆیان لە نمایشی ستالینییدا تاقیکردۆتەوە، بۆ سەرسامیمان زۆر جار تێیدا سەرکەوتووبوون. بەڵام دیسان، چ پێویست بە سەرسامیی دەکات، کە نووسەرانی ئێمە ئەم گرێ قوڵفەیەیان بۆ ناکرێتەوە، کەچی خۆیان ئاڵاندۆتە کردنەوەی گرێ کوێرەکانی جیهان. بۆ ئەوەی خوێنەری زێدە شیرین لەوە زیاتر بە درێژدارییمان جاڕس نەکەین، پێمان باشە تاقە یەک نموونە لەو خەروارەی نمایشی ستالینیی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان بخەینە بەردەستتان.

## چاوی (خێڵ و خیچی) سێیەم

لەم شەوانەدا تەلەڤزیۆنی کوردسات، یان بڵێین تەلەڤزیۆنەکەی تاڵەبانی، لەڕێگای بەرنامەی "چاوی سێیەمەوە" ستالینی بە یاد هێنایەوە. یادی ئەو ڕۆژانەی پۆلیت بیۆرۆ (مەکتەب سیاسی) دەبووە تەختەی شانۆ و ئەوانەی کە حیزب و سەرۆک (واتا حیزبی کۆمەنیست و سەرۆک ستالین) دەیویست ترۆیان بکات، لێپرسینەوەیەکی کارتۆنیان لەگەڵدا دەکرا و پاشان وەک هەوڵێکی چاکسازیی لە کەناڵەکانی تەلەڤزیۆنەوە دەرخواردی خەڵکی چەوساوەی یەکێتی سۆڤیەت دەدران. چاوی سێیەم

ئەو ڕۆژانەی بیر هێناینەوە کە تەنانەت دۆگماترین کۆمەنیست هیوا بە گەڕانەوەیان ناخوازێت، ڕۆژانێک کە کۆی مرۆڤایەتی وەک یەکێک لە ڕەشترین چاپتەرەکانی مێژوو نووسیویەتەوە. بەڵام چما نووسەرانی ئێمە لەو نهێنییە زۆر ساکارەی پشت ئەو گەمەیە تێناگەن؟ چما یەکسەر دەکەونە دەستخۆشی کردن لە تەلەڤزیۆنەکەی تاڵەبانی و وەک هەنگاوێک بەرەو دیمۆکراسی ڕاستیەقینە لەقەڵەمی دەدەن؟ وەڵامەکان دەکرێت فرە و جیاواز بن، بەڵام بەڕاستیی مایەی نیگەرانییە کە کۆی کۆمەڵگایەک ئەوها ئاسان بە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی هەڵبخەڵەتێنرێت کە پاشماوەی ئەو ڕۆژە ڕەشانەیە کە کەڵبەی ستالین ملیۆنەها مرۆڤی دادەکرۆشت. مایەی خەمێکی قووڵە کاتێک بەرنامەیەکی ئەوها هەرزان وەک هەنگاوێک بەرەو دیمۆکراسی لەقەڵەم دەدرێت. بەبڕوای ئێمە زۆربەی هەرە زۆری نووسەرانی کورد، وێڕای ئەوەی تا قورقوڕاگەیان میراتگری هزری ناهزری کۆمیونیزمی ڕوسین، بەڵام هیچ لەو مێژووە نازانن، یان ناتوانن لێیفێرببن، ئاخر هەر هەمان جۆر بەرنامە بوو کە سەدام وەک مانۆڕێکی سیاسی هەندێک جار نمایشی دەکرد، ئیتر تێنەگەیشتن لە مانۆڕی پشت بەرنامەیەکی وەک چاوی سێیەم، جگە لە نەزانییەکی پەتیی دەبێت چی دیکە بێت؟

چاوی سێیەم، کە لەڕاستییدا چاوی سیهەمیش نییە، بەڵکو چاوێکی کوێر و عەمارەپۆیە، چاوێکی خێڵ و خیچە، چاوێکی تانە لەسەرە، کە بەمەبەست تەنها لە ئاستێک و لایەنێکی کێشەکان دەڕوانێت، چاوێکە کە ئامادەکراوە بۆ نمایش، مانۆڕ و هەڵخەڵەتاندن، زیاتر وەک لە بینینی ئەو شتانەی کە پێویستە ببینرێن و پاشان نمایش بکرێن. چاوی خێڵ و خیچی سێیەمی تەلەڤزیۆنی یەکێتی، چاوێکە بەدەستی سیناریستەکانی حیزب درووست کراوە، بۆئەوەی ڕەهەندێکی کێشەیەکمان بۆ زەق بکاتەوە، تا لە ئەنجامدا ڕەهەندە سەرەکیی و شێرپەنجەییەکەی هەمان کێشەمان لا نەبان بکات.

بەڵام وێڕای ئەمانە چاوی سێیەم، لایەنێکی زۆر گرنگ و پشتگوێخراوی بۆ ڕۆشن کردینەوە، بەڵام تەنانەت پاش تێپەڕبوونی سێ هەفتە بەسەر پەخشکردنی ئەو پرۆگرامە ستالینیەدا، کەس سەرنجی ئەو لایەنی نەداوە. لەبەر گرنگی ئەو لایەنە ئێمە ئاوڕێکی لێدەدەینەوە. یەکێک لە پۆزشە یەکلاکەرەوەکانی (قادر حەمەجان، سەرۆکی ناشەرعی و حیزب سەپێندراوی شارەوانیی سلێمانی)، ئەوە بوو کە تاڵەبانی ئەوەی کردوە یان تاڵەبانی ئەو بڕیارەی داوە، ئیتر ئەم وەڵامە بەس بوو بۆ دەمکوتکردنی هەموو ئەوانەی وەک فسفس پاڵەوان نواندنیان دەکرد لەو شانۆگەرییە ستالینییەدا. سەیرە، گەلۆ، زێدە سەیرە، کەسێک نەیوێرا نە ئەو کات و نە ئێستاش بپرسێت، هەر بەڕاست تاڵەبانی ئەو هەموو پارەیەی لەکوێ هێنا بۆ دروستکردنی ئەو هەموو ڤێلایە بۆ ئەو هەموو بەرپرسە نەزانە؟ تۆ بڵێی تاڵەبانی ئەو چەند ساڵە بە کرێکاری یان بازرگانی ئەو سەروەتە زەوەندەی پێکەوەنابێت، ئێستاش زۆر میهرەبانانە پاداشتی ئەو بەرپرسانە دەداتەوە کە وەک کوێر پاشکەوتەی سیاسەتەکانی ئەون؟

ئەوەی مەبەستمانە، پیشاندانی گرنگیی لێپرسینەوەیە لە سەرکردە بەر لە هەر کەسێکی دیکە. زۆر گرنگە ئەگەر دەمانەوێت کۆمەڵگایەکی بەتاڵ لە گەندەڵیی و چەتەیی بنیاتبنێین، کۆمەڵگایەک کە منداڵەکانی ناچارنەبن کۆڵکێشی و بەنزینفرۆشی بکەن، پێویستە ئەو هەستی بەرپرسیارێتییە لە خۆماندا بچێنین و تووڕەبوون و ڕەخنەمان لە لوتکەوە دەستپێبکەین. ناکرێت تۆ بەرپرسێکی دز بێنیتە سەر تەلەڤزیۆن و کاتێک گووتی دزییەکانی من بە ئاماژەی سەرۆک بووە، ئیتر تۆ بێدەنگەی لێبکەیت. لەڕاستییدا لێپرسینەوەی ڕاستەقینە ئەو کاتە دەستپێدەکات کە بەرپرسێک پێمان دەڵێت ئەم یان ئەو سەرۆک خانووی بۆ دروستکردوم، چونکە ڕۆژێک شۆڕشگێڕ بووە، ئێمە پێی بڵێین ئەدی سەرۆکەکەت

له کوێی هێنا؟ مەگەر ئەوەی سەرۆکەکەت دەیدات بەو ڤێلا و قەلایانەی ئێوە تێیدا نیشتەجێن سەروەتی دزراوی ئێمە نییە؟ مەگەر ئەو قەلایانە لەسەر ڕەنج و ماندووبوونی زۆرینەی ئەندامانی نەداری کۆمەڵگا بنیات نەنراون؟

بۆ ئەوەی ڕەخنەگرتن لەو ئاستە شەرمنۆکە ڕزگاربکەین کە کۆی نووسینی کوردی گیرۆدەکردوە، دەبێت بەر لە هەموو شتێک ئەو شەرمەی لە سەرکردەکان دەکرێن بشکێنرێن و بە تووڕەیی و ڕەخنەی راستەقینە جێگەیان پڕبکرێتەوە، پێویستە دەستبەرداری ئەو ڕێزە درۆزنە ببین بۆ سەرکردەیەک کە لێوانلێوە لە کەموکوڕیی و سیخناخە بە ناکارایی، بەڵام ناوێرین بەئاشکرا باس لە هەڵە و چەوتییەکانی بکەین. بەبڕوای ئێمە ئەوەندەی ئەو دوو سەرکردەیەی کورد هەڵەیان کردوە، هیچ سەرکردەیەک ئەوەندە دەستوپێسپی نەبووە، بەڵام هاوکات هیچ کۆمەڵگایەک ئەوەندەی کۆمەڵگای ئێمە لە ئاستی ئەم سەرکردانەدا شەرمن و ترسنۆک نەبووە.

ئەوەی چاوی سێیەم ڕۆشنی کردەوە، جگە لە پەردە هەڵماڵین لەڕووی ئەو مانۆڕە ستالینییە، ئەو ڕاستییە بوو کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا ڕێککەوتنێکی کۆمەلایەتیی هەیە لەسەر ئەوەی هیچ بە سەرکردەکانمان نەڵێین، تەنانەت ئەو کاتانەش کە دزییان کرد ئێمە دەبێت هەر بڵێین بژی سەرۆک. ئەمەش ڕێک ئەو خاکە بەپیتەیە کە دیکتاتۆرییەت تێیدا چەکەرەدەکات و وەک هەرێز بە کۆی پانتاییەکانی کۆمەڵگادا پەلوپۆ دەهاوێت، بژارکردنی ئەم جۆرەش لە گیاکەڵەی دیکاتۆرییەت بە توندوتیژیی نەبێت بە هیچی دیکە ناکرێت.

2006/06/06

ئۆکسفۆرد/ئینگلاند